# نیشتمانی گەنج ئەو شوێنەیە کە تیایدا ئاسودەیە



جەمال پیرە
jamalp@hotmail.com

لەو خاڵەدا دەستپێدەکەم گەر بڕوامان وابێت مرۆڤ بۆ ئەوە خولڵقاوە بژییێت، نەك بۆ ئەوە بژییێت تا بمرێت، لەمەشدا مەبەستمە بەکورتترین دەربڕین بتوانم خێراترین مانا بە ژیاندۆستی ببەخشم، لەراستیدا گەورەترین کۆسپو تەنگەتاوترین ساتولەحزەی ژیانی مرۆڤ ئەو کاتانەیە کە سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤ خودی مرۆڤ بێت، لەوێشەوە نارەحەتترین شوێنگەل کە زێدومەنزڵگەی سەرجەم ئەو ڕێککەوتووانە بێت لەسەر ئەو نەمەتو دیاردە زاڵەی کە بە دۆکتۆرینی کۆمەڵ ناونراوە، ئەگەر بەراست بڕیار وایە کێشەی گەنج وەك کێشەو ئاریشەی مرۆڤ سەیر بکەین، ئەگەر سەرجەم ئەو بانگەشانەی ئەمڕۆکە لە لایەن دەسەلاٌتەوە لە بلٌندگۆی میدیاکانەوە بەرگوێمان دەکەون حەقیقەتی چارەسەری کێشەکانی مرۆڤیان لەئەستۆ گرتووە با راسترو لێوەشاوەتر بخزێینە ناخی گرفتی گەنجی کورد، ئەو حەقیقەتەی کە دەبێ دانیپێدابنێین وێڵی کەسێتی گەنجی کوردە بەدوای خود دۆزینەوەو بینینەوەی شوناسی راستەقینەی خۆیو گەڕانە بەدوای دەرفەتێکی شیاوتر بۆ هەم خۆناساندن هەمیش ئەزمونکردنی ئەو هێزو وزەیەی خۆی کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی خەفەکردنیدا بووە، بەردەوام هێزی خەفەکەر بەسەریدا زاڵبووە، بەو پێیەی کە هەمیشە سەرچاوەو میکانیزمەکانی مۆنۆپۆلکردنی دەسەلاٌتەکانی بەدەستەوە بووە. لەراستیدا دەبێ ئەوە بلێین کە ئەمە هەر ئەمڕۆ نییە گەنجی کورد بیر لە دۆزینەوەی شوناسی خۆی بکاتەوەو تەمایەکی بە ئایندە هەبێتو هەوڵبدات جەستەی خۆی نەداتە بەر گوللەی بەهاو نۆرمە لەقالٌبدراوەکان، بەڵکو لەوەتەی هەیە گەنجی کورد وێڵە بەدوای دۆزینەوەی شوناسی راستەقینەی خۆی، رەنگە هەڵە نەبین گەر پێمانوابێ پێکهاتەی مرۆڤی کورد لەوەتەی هەیە پێکهاتەیەکی جیاوازە لە هی خەڵکانی تر مەبەستم روانینو بیرکردنەوەو دوانە لە ژیانو مەغزاکانی بەحوکمی ئەوەی خودێکی بێ نیشتمانە کە راستەوخۆ واتای لەدەستدانی زۆرینەی بەها ئەخلاقییەکانی دەگەیەنێ، خودێکە کە چاو دەکاتەوەو دێتە سەرزەوی هیچی نییە جگە لەوەی هەست بکات کە کەسێکی داگیرکراوە، کەسێکە بۆی نییە لەسنوری ئەو دیوارە دەرچێت کە بەر لە هەزاران ساڵ بۆ باپیرە گەورەکانمان بنیاتنراوە، کەسێتییەك

بووه بەتەنها فێری زمانی رابردوو کراوە تا لەناو کەژاوەی ئایندەدا کەڕولاڵ بێ، سەرەتایەکی ئیفلیجی پێبەخشراوە تا کۆتاییەکەی ملکەچانە بکەوێتەوە، کەواتە ئێمە دەمانەوێت قسە لەسەر قەیرانێك بکەین جیاواز لەهەر قەیرانێکی تر، گرفتێکی تری گەورەی کۆمەڵاتییە پێویستی بە لەسەر وەستان هەیەو دەکرێ بە خاڵێکی بنەڕەتی گۆڕان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵ دابنرێت، بێگومان بارودۆخی بابەتەکە لەئاست بونیادی فیکری کەسێتی کوردو پێگەی جوگرافیی کوردستاندا حاڵەتێکی هەستیارو تەواو جیاوازمان بۆ دێنێتەئاراوە، بەحوکمی ئەوەی کە مرۆڤی کورد بەشێکە لە مرۆڤی خۆرهەڵاتی‌و لە ململانێیەکی درێژخایەندابووە، بێ ویستی خۆی لەگەڵ هەر قورساییەك کە بەسەرییەوە بێت راهاتووە، لەناکاو لەبەردەم ئاوێنەی ژیاندا لەگەڵ ململانێکانی زیندەگیدا بەپێکهاتەیەکی نالەبار دێتە مەیدان، بێ سازوتەیاربوون ناچاری خوێندنەوەی دەوروبەر کراوە. لە راستییدا ئەوەی کە وەك ئەرشیفێك بۆمان مابێتەوە مێژووە کە پێمان دەڵێت مرۆڤایەتی لەم خۆرهەڵاتەی ئێمەدا دەسەڵاتێکی بەخۆیەوە نەبینیوە چینی گەنجی ئاسودە کردبێت، کۆمەڵگای ئێمەش بەوپێیەی دەستێکی باڵای لە خەساندنی گەنجی کورددا هەبووە یەکێکە لە ئەندامانی خێزانی کۆمەڵگا خۆرهەلاتییەکان، تۆمارێکی گەورەی لەمرۆڤخستنی گەنج، بابەتی مێژووییەتی، کە هەموویان سەرەنجام ئایندەیەکی رەشیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، تۆ سەیرکە لەم مەملەکەتەدا زۆرجار مرۆڤ بەر لەوەی لەدایکبێت کاری بۆ دۆزراوەتەوەو هەندێجار هاوسەریشی بۆ دەستنیشانکراوە ! ! هەروەك مێژوو ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێت کە گەنجان هەمیشە قوربانی هاوکێشە سیاسیی–ئابوریی–کۆمەڵایەتییەکان بوون، دیارە کە ئەم مەسەلەیە لەوەی کە ئاماژەی پێدەدەم زیاتر هەڵدەگرێ تا بتوانین هەقی خۆی بدەینێ، لەبەرئەوەی قسەکردن لەسەر ئەم چینە بەر لەوەی قسەکردن بێت لەهەر شتێك قسەکردنە لە کائینێکی پڕ لە توانا، جیاوازتر لەهەر کائینێکی تر قسەکردنە لەسەر ئاوێنە مرۆڤایەتی کە دەکرێ ئاراستەی عەقلی‌و لۆژیکی کاری ئایندە بگۆڕێت بێگومان ئەگەر سازو تەیار بکرێت، ئەمەش حەتمەن بەبێ داڕشتنی سیستمێك یا بەرنامەیەکی تۆکمەناکرێت، کە دەبێ مەرجی چوونە ژێر بڕیارو بۆچونەکانی عەقلی لەخۆوەگرتبێت، هەر لەبەر ئەوەی رامانی گەنج هەمیشە رامانێکی جیاوازانەیەو کۆمەڵگای ئێمەش دەست سوورترین کائینە لە پرۆسەی کوشتنی جیاوازییدا، بەبەردەوام ململانێی تاك‌و کۆمەڵ زیندوو بووە، لە نێو کۆمەڵگایەکیشدا کە جیاوازیی دەمرێ هیچ مەودایەك بۆ هیوا نامێنێ‌و بوونیش لەوپەڕی مەترسیدا دەبێت، دنیا پڕ ئافات‌و کارەسات‌و سەرگەردانی دەبێت‌و شێوازێکی تری بیرکردنەوەی شەڕانگێزانە لەدایکدەبێت‌و گەنجیش وێڵ‌و بێئومێدانە بیر لە شوناسی خۆی دەکاتەوە. حاڵی حازر لەنێو فەزاوکەشێکدا خۆمان دەبینینەوە کە بوارە جیاجیاکانی ژیان فراوان‌و ئاسۆ لێڵەکانی رابردوو گەشتر بوونەتەوە، مرۆڤی کورد لەو بۆتەو چوارچێوە داخراوە دەرچووە کە ئیدی دەرفەتێك بۆ بێدەنگبوونی نەماوە، ئەم حاڵەتە زۆرتر لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەڕینەوە هاتۆتەوجود. ئاشکرایە کە لەدوای راپەڕینەوە گەنجانی کوردستان کەوتنە نێو قۆناغێکی ترەوە ، هەروەها هەلێکی جیا رەخسا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی‌تر مومارەسەی ئازادییەکانیان بکەن، راپەڕین بەهەموو مانایەکییەوە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو بەسەر گەنجی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا، لەوساوە گەنجی کورد توانیی سنووری جیهانبینی خۆی فراوانتر بکات کە بەشێکی کەمی بەرهەمی

شەڕی ئازادییەکانی بوو، دوای ئەوەی دنیایەك قوربانی بەخشی‌و هیچ وەسیلەیەکی سەرکوتکردن نەما لە دژیدا بەکار نەیەت، حەتمەن لەوکاتەدا کە چاوی کردەوە گەنجێك بوو کۆمەڵێك دەرگای نوێی لەسەر کرانەوەو پێیوابوو ئیدی ڕێڕەوی توندوتیژیی بەرەوئاراستەیەکی تر دەگۆڕێت کە لەگەڵ ویستو ئارەزووەکانیدا شیاو بێت، کە لە ڕاستیدا نەك هەر وا نەکەوتەوە بەڵکو دووچاری قەیرانێکی تری گەورەی دەرونی بووەوە بەوەی کە سەدان هەزار گەنجی ناچاری سەرهەڵگرتن‌و جێهێشتنی وڵات کرد. بەدرێژایی ئەم ماوەیە دەسەڵات ڕۆڵێکی نێگەتیڤی گێڕاوەو نەیتوانیوە وەکو خۆی کێشەکە بخوێنێتەوە، لە ڕاستیدا دەبوو ڕاستگۆیانەتر گوێ بۆ گەنج شل بکات ، بەتەنها ئەم هەنگاوانەی کە نراون بەس نین بەوەی کە کۆمەڵێك گەنجی گوێڕایەل قایل بکرێن، دەبێ دەسەڵات واقیعییانەتر بێتە مەیدان بۆچی نەپرسین کە بۆ دەبێ مووچەی مانگانەی دەرچوێکی زانکۆ یا پەیمانگا لەئاست گرانی بازاڕدا نەك هەر نەبێت بگرە زۆر نزمتر بێت لەوێشدا ناچاری وازهێنان یاخود دۆزینەوەی کاری دووهەم بکرێن؟ ئەگەر باس لەوەش نەکەین کە هەزاران گەنج لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا لەبەر خراپی بژێوی ژیانیان ناچاری دەستهەڵگرتن بوون لە خوێندندا، لە ڕاستیدا بێ لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەیەکی ڕاستو دروستو هەنگاونانی کردارەکییانە ناکرێ‌و نابێ لەم قەیرانە دەربازمان بێت، لەوەش زیاتر هەموو ئەو ناونانە نێگەتیڤانەی لەلایەن دەستێکی نەیاری دژ بە ڕۆحییەتی گەنجبوون بە گەنج بەخشراون دەکرێ لەکاتی ئێستادا بێ بنەمایانە نیشانبدرێن‌و پوچەڵبکرێنەوە، هەرگیز گەنجانمان بێهەڵوێست خۆیان نەنواندووە، گەنجی کورد بەپێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوایە خاوەنی هەڵوێستو ئینتیمایەکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی نییە مرۆڤێکی وڵاتدۆستو خۆڕاگرو قوربانیدەرە هەر لەم پێناوەشدایە بەردەوام ڕەچاوی سەرجەم بارودۆخە نالەبارە نەتەوەییەکانی خۆی کردووە، لەوانەیە زۆرجار ترسو گومانێك خۆی خستبێتە ناخی گەنج بە ڕادەیەك بڕواو متمانە لەدەستبدات، بەڵام ڕابردوو شایەتحاڵێکی گەورەیە کە سەرجەم شۆڕشەکانی کورد بەخوێنی گەنج‌و لەسەرپشتی گەنجدا بەڕێوەچوون. ئێستا کە سەردەمێکی تری کۆچی گەنج‌و پشت لەوڵاتکردن هاتۆتەپێش، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی نالەباریی‌و ناسەقامگیری ئاستەکانی ژیان دەگەیەنێت، لەم حاڵەتە مەترسیدارەدا هەرگیز داخستنی ڕێگە یاساییەکانی سەفەرکردن‌و تۆقکردنی خاڵە سنوورییەکان‌و دەستگیرکردن‌و پڕکردنەوەی بەڵێننامەو وەرگرتنی کەفالەتی ماددی لەکەس‌وکاری گەنجان تاوەکو وڵات جێنەهێڵن، چارەسەر نییە، کەی ئەمە مامەڵەی سەردەمییانەیە؟!کە دەسەڵاتی کوردیی لەگەڵ مرۆڤی گەنجدا پەیڕەوی دەکات!!، ئەم ڕێوشوێنە سەرکوتکەرانەیە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ پڕۆژەیەك بۆ گەنج لەئارادا نییە، هاوکات بێتوانایی دەسەڵات لەبەرامبەر واقیعدا نیشاندەدات، گەر خاك‌و وڵاتی کوردستان لەسەردەمی ئازادییەکاندا چێژی ئاسودەبوون بە مرۆڤ نەبەخشێ، گەر مەملەکەتێك واتاکانی مرۆڤبوون بە مرۆڤەکانی نەبەخشێ‌و چەمکی ژیان قوڵتر نەکاتەوەو لەهەوڵی ئاسودەترکردنیاندا نەبێت، ناچارکردنی نیشتەجێبوون‌و مانەوەی بە زۆرەملێی گەنج بەم وەسیلانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا چ مانایەك دەگەیەنێ؟!

یانی چی داوای هێوریی‌و بێدەنگی لەگەنج دەکرێ لەکاتێکدا کەسێتی ڕاستەقینەی گەنج لەبێدەنگنەبوونیدابێ؟!لەکاتێکدا روونە کە ئەوە سروشتو پاڵنەرەکانی ناوەوەی گەنجن دەستنیشانی

هەڵسوکەوتەکانی دەکەن، نەك هێزی تری دەرەوەی گەنج، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە دەبێ زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت نەك وا هەمەجییانە رووبەڕوویان ببینەوە، لەبیریشمان نەچێ هەموو هەوڵێکی کە دەدرێت گەر لەئاستی داخوازی گەنجدا نەبێت نەسەردەگرێو نە وڵاتیش سەقامگیر دەبێ.

سلێمانی/ دیسێمبەری2006